**حەماس ئاوا غەزەی بەڕێوە برد؟؟؟**

عەلی مەحمود محەمەد

ئەم جەنگە بۆ حەماس و لیکۆد شەڕێکی باش بوو, چونکە لە بەرنامەی هەردولایاندایە یەکتری تەواو بکەن, حەماس هەموو جوو, لیکۆدیش حەماس و جیهاد, راگەیاندنی جەنگ لە ٧ی ئۆکتۆبەر دەرگاکەی کردەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی دوورو نزیکەکانیان, تاکتیك و ستراتیجییەکانیان, سەرباری شەڕی هەردوولایان لەگەڵ عەلمانیەکان ناوخۆیان, بەم جەنگە هەموو دەرگایەکیان لەبەردەمیان داخست, مرۆڤایەتییان پەراوێز خست, تا ئاستی ئەوەی وەك خائین سەیر بکرێن, لایەنگرانی تیۆری ململانێی شارستانیەتەکانیش وەك ئەوەی هەنگوینیان لە کونە دارا دۆزیبێتەوە بانگەشەی دروستی بۆچوونەکەیان دەکەن بەوەی جەنگەکە ئاینییە, ئەوان هەموو روداوەکان تەنها لەرۆژی ٧ی ئۆکتۆبەر دەبیننەوە, نەك مانگەکەی دواتر کە زیاتر لە ١٠ هەزار کەسی بێتاوان بوونە قوربانی وێڕای ئابلوقەی ئابووری بڕینی ئاوو کارەبا لە هاوولاتیانی کەرتی غەزە.
جەنگەکە یەك پاکێجە ٧ی ئۆکتۆبەر کە لە چەند کاژێرێك ١٤٠٠ کوژراوو ٢٥٠ دیل کە قوربانییەکان زۆرینەیان خەڵکی سڤیلن, وە پاکێجی دووەم سزا دانی خەڵکانێك بە کۆمەڵکوژی و ئابلووقەی ئابووری پەیوەندییان بە حەماسەوە نییە, هەردوو تاوانەکەش دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تا ئاستی جینۆساید, نکۆڵی کردنیش لێیان بۆخۆی تاوانە.
عوفەر کسیف پەرلەمانتارێکی چەپی جووە رەخنەی گرت لە جەنگ, ٤٥ رۆژ لە پەرلەمان سڕ کرا و ١٤ رۆژیش موچەکەی بڕا, کەواتە تەنها گوێ لە کەرەناکانی جەنگ دەگیرێت.
پێش ئەم خولەی جەنگ ٤٣٪ی هاوولاتیانی ئیسرائیلی بوونی دەسەڵاتێکی فەلەستینییان بە قازانج دەزانی, تەنها ١٣٪ دژ بوون ١ , لە بەرامبەردا ٥٤٪ی فەڵەستینیەکان پێچەوانەی حەماس لەگەڵ چارەسەری دوو دەوڵەتن لە پاڵ یەکتر بۆ فەڵەستین و جوو ٢ , ئێستا بەهۆی فەزای جەگ و رژانی خوێنەوە ئەم راپرسییانە بە قازانجی هەردوو پارتی راستڕەوی فاشستی حەماس و لیکۆدو هاوپەیمانەکانی گۆڕاون, خوێن هەلی عەقڵی نەهێشتووە, با بزانین بە راستی خەڵکی غەزە شایانی ئەم سزادانە بە کۆمەڵەن لە برشی تاوانەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر؟.

**حەماس و هەڵبژاردن**

حەماس لە ساڵی ١٩٩٦ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن رەتکردەوەو بە حەرامی زانی, بەڵام کاتێك لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرکەوتنی بە دەست هێنا, ٣٣,٥٪ ی دەنگەکانی هێنایەوە ٣, ساڵی دواتر لە ٢٠٠٦ بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی فەڵەستینی کرد, ئەوەش بووە دوا هەڵبژاردن بۆ خەڵکی غەزە.
لەو کاتەوە بۆ هەنووکە هەژدە ساڵە تەنانەت هەڵبژاردنی پۆلێکی قوتابخانە, گوند و یانەیەکیش لە کەرتی غەزە نەکراوە, هەرچەندە لەو هەڵبژاردنەی شارەوانییەکان فەتح لە کۆی ٨ شارەوانی ٥ی بردەوە, واتا غەزەش هێلکەی پاککراو نەبووە بۆ حەماس.
لە رێکەوتی ٢٥-١-٢٠٠٦ دوا هەڵبژاردنی پەرلەمان لە فەڵەستین بە هەردوو کەرتەکەیەوە لێواری رۆژئاواو کەرتی غەزە کرا, حەماس ٤٤,٤٥٪ی دەنگەکان و ٧٤ کورسی بەدەست هێنا, فەتح ٤١,٤٣٪ی دەنگەکان و ٤٥ کورسی هێنایەوە لە کۆی ١٣٢ کورسی پەرلەمانی فەڵەستین.

لە ئەنجامدا حەماس لە ڕێکەوتی ٢٩-٣-٢٠٠٦ حکومەتی بە تەنها پێك هێنا بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل هنییە, بەهۆی نەدانی موچەوە لە ئەیلولی ٢٠٠٧ دا کەرتی گشتی مانگرتنی گشتی ڕاگەیاند, کێشەو ئاڵۆزی لە گەڵ فەتح درووست بوو, چونکە حەماس نەیتوانی موچەیان دابین بکات, لە ڕێکەوتی ٨-٢-٢٠٠٧ ڕێککەوتن حکومەتی ئیتلافی لە نێوان فەتح و حەماس پێك بهێنن, لێ لە ڕێکەوتی ١٤-٦-٢٠٠٧ حەماس دەستی بەسەر تەواوی کەرتی غەزەدا گرت, دوا تەڵە موی پەیوەندی نێوانیانی پچڕی, ڕۆژی دواتر مەحمود عەباس تاك لایەنە سەلام فەیازی کردە سەرەك وەزیران, لەوکاتەوە دوو ئیدارەیی دەستی پێکرد, بەلام بێ دەرگەلە چوونکە دووری نێوانیان ١١٥ کیلۆمەترە.
لە ڕێکەوتی ١١-١٢-٢٠٢١ و ٢٥-٣-٢٠٢٢ هەڵبژاردنی شارەوانی لە کەرتی لێواری ڕۆژئاوا ئەنجامدرا, حەماس نەچووە ناو کایەکەوە.
بە پێی ڕاپرسییەکان پێش ڕوداوەکان ٧ی ئۆکتۆبەر ٦٣٪ی هاووڵاتیانی فەڵەستینی داوای گۆڕینی سەرکردایەتی فەڵەستینی دەکەن تا چالاکترو کەمتر گەندەڵ بێت, واتا زۆرینە ڕازی نین لەوانەی حەماس و فەتح, ٦٥٪یش داوا لە حەماس و فەتح دەکەن هەڵبژاردنی ئازاد و پاکژ ئەنجام بدەن ٤, بەلام حەماس ئەو مەقولەیەی سەلماند کە لایەنێکی ئیسلامی لە هەڵبژاردن سەر بکەوێت دەبێتە دوا هەڵبژاردنی ولات.
حەماس ڕێگای نەداوە خەڵك ڕاپرسی لەسەر شێوازی حوکمڕانییەکەی بکەن, تا بزانن لە دەرەوەی ڕاپرسی چۆن وەڵامی دەدەنەوە, هەرچەندە پێویستە ئەوە بزانین لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەی دەسەڵاتداری حەماس هەژاری, بێکاری زیادیان کردووە, دادپەروەری نەبووە, ئازادی بڤە بووە, زانست و پیشەسازی وێران بوونە, ئابووری داتەپیووە....

## بودجەی کەرتی غەزە

بودجەی حکومەتی حەماس لە کەرتی غەزە تەنها ٦٣٠ ملیۆن دۆلار بووە لە ساڵی ٢٠١١ , لە ساڵی ٢٠١٢ زیادی کردووە بووە بە ٧٦٩ ملیۆن دۆلار, واتا بە ئەندازەی ١ منگی موچەی هەرێمی کوردستان.
زۆربەی پارەدارکردنی کارگێری حکومەتی کەرتی غەزە هاوکاری دەرەوەیی بە تایبەت ئێران, قەتەر, تورکیا و ئەمەریکا, یەکێتی ئەوروپا, جامیعەی عەرەبی و ڕێکخراوەکان دەیکەن, ئێران ساڵانە نزیك ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری داوە بە حەماس, ئەردۆگانیش هاوکاری کردووە نموونە لە ساڵی ٢٠١٢ بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بەشداری بودجەی حکومەتەکەی حەماسی کردووە.
لایەنێنێکی دیکە لە داهاتی حکومەتی حەماس لە کەرتی غەزە ناردنەوەی پارەی پەنابەرانە بۆ ناوەوە کە نزیك ٢٠٪ی خەڵکەکەی لەسەر دەژێت, تەنانەت دابینکردنی بودجە زەکات و پشکی خێرەومەندانیش لە ناوخۆو دەرەوەی تێ دەکەوێت ٥.
دوو سەرچاوەی دیکەش بۆ داهات هەیە لە کەرتی غەزە ئەویش ١٨٥٠٠ کرێکاریان لەناو ئیسرائیل کاردەکەن موچەکانیان باشە.
کەرتێکی دیکەی ئابووری قاچاخچێتی ناو نەفەقەکانە لە سیناوە بۆ ناو کەرتی غەزە, دیارە کۆڵبەرەکان زۆرینەیان بە مەحسوبیەت لەو جێگیە داندراون لە قاچاخچییە دەستڕۆیشتووەکانی حەماسەوە نزیکن, لێرە حەماس ساڵانە لە ٣٠٠ ملیۆنەوە بۆ نیو ملیار دۆلار داهاتی دەست دەکەوێت.

## ئیدارەی ئابووری حەماس

بە پێی ئاماری ڕێکخراوی ئۆنکتادی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان داهاتی تاك لە کەرتی غەزە نیوەی لێواری رۆژئاوای حکومەتەکەی فەتحە, ڕێژەی بەشداری کەرتی پیشەسازی لە بەرهەمی نەتەوەیی تەنها ٨٪ ە, واتا بۆ نیوەی پێش کودەتای حەماس دابەزیووە, بەشداری کەرتی کشتوکاڵیش لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی لە ٩٪ ەوە بۆ ٥٪ دابەزیووە, واتا ڕێژەی هەردوو کەرتی بەرهەم هێنی ئابووری پیشەسازی و کستوکاڵ جێگای حەسودی نییە و وێران کراون لە لایەن دەسەڵاتدارێتی حەماسەوە, هەرچی پشکی کەرتی غەزە لە کۆی ئابووری قەوارەی فەڵەستینی لە نیوەوە بۆ چارەکی کۆی ئابووری فەڵەستین دابەزیوە.
ئەمە سەرباری ئەوەی ٦٠٪ی کارەبای غەزە لە ئیسرائیلەوەیە, تەنانەت کارەبای ئەوەی نییە بۆ دابینکردنی پاککردنەوەی ئاو بەکاری بهێنێت بۆ هاووڵاتیانی ٦.
بە گشتی داهێنانی حەماس تەنها لە لێدانی تونێل لە ژێر زەوی کە گەیشتۆتە ٥٠٠ کیلۆمەترو خۆ پڕ چەك کردن بووە.
ئیسرائیل دوای ئەم جەنگە غەزەش بۆ حەماس جیچ بهێڵێت, بە دەیان ساڵی دیکە ناتوانێت تەنها چیمەنتۆ بۆ چاککردنەوەی خانووە روخاوەکان دابین بکات, کە بە کۆڵ لە تونێلەکانەوە لە میسرەوە هاوردە دەکرێت.

## ئەدی ژیانی هاووڵاتیانی غەزە

حەماس ژیانی خەڵکی غەزەی وێران کرد, لە ساڵی ٢٠٢٢ ەوە زیاتر لە نیوەی هاوولاتیانی غەزە بە پێی وتەی ڕێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسایشی خۆراکیان نییە.
ڕێژەی هەژاری لە کەرتی غەزە ٥٣٪ یە, بەڵام لە کەرتی لێواری رۆژئاوا, ئەو بەشەی لە ژێر دەستی فەتحی عەلمانییە ١٣,٩٪ەیە, هەروەها ٣٣,٧٪ ی هاووڵاتیانی کەرتی غەزە زۆر هەژارن, بەلام لە کەرتی لێواری رۆژئاوا ئەو ڕێژەیە تەنها ٥,٨٪ە ٧.
هەروەها ٨٣٪ی کرێکاران لە کەرتی غەزە بە کەمتر لە لانی کەمی کرێ کار دەکەن, کە ٥٢٠ دۆلارە لە مانگێك ٨.
زۆرجار کرێی کرێکاران ئەوەی وەریدەگرن نیوەی لانی کەمی کرێیە بە کاژێری کارکردنی زیاترەوە ٩ .

ئەمە لە کاتێکدایە لانی کەمی کرێ لە وڵاتی ئیسرائیل مانگانە ١٤٠٠ ئیرۆیە, بۆ ساڵی داهاتوو دەبێتە ١٦٠٠ ئیرۆ ١٠.
هەروەها بۆ دەرچووان و گەنجان و ژنان کێشەکە زۆر قورسترەو ڕێژەی بێکاری لە ناویان زۆر زیاترە, ٧٤٪ی دەرچووانی زانکۆ لە کەرتی غەزە بێکارن ١١.

## ئازادییەکان

لە ساڵی ٢٠١١ عەبدالەتیف موسا ئیمارەی ئیسلامی لە رەفەح دامەزراند, حەماس پەلاماری دان و ئەمیرو نۆ لە ئەندامانی کوشت. پەلاماری جند ئەنسارالله‌ی سەر بە قاعیدەی دا و ٢٢ ی لێکوشتن, پەلاماری جیهاد و تەوحیدی سەر بە داعشی دا لە ساڵی ٢٠١٥, ئەمانە هەموو هاوئاوازی بن بەم

شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵدا بکات دەبێت بەرامبەر  بە فەتح و لایەنە چەپگەراکان و ژنان و خەڵکی دیکە چی بکات؟؟.
پەروەندەی حەماس لە بەرامبەر ئازادییەکان و  رۆژنامەگەری پەروەندەیەکی رەشە, بە پێی راپۆرتەکان ١٢.

**دوا راپرسی بۆ حەماس  کارەسات بوو**

رۆژێك پێش ٧ی ئۆکتۆبەر تۆری بارۆمیتەری عەرەبی بە هاوکاری ناوەندی فەلەستینی بۆ توێژینەوەی سیاسی و گۆڤاری فۆرین ئەفیرەزی ئەمەریکی بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی ئەمەریکی بۆ دیموکراتیەت راپرسییەکیان ئەنجامدا , راپرسییەکە راستەوخۆ و رووبەڕو ئەنجامدراوە, لە ئەنجامدا دەرکەوت زۆربەی هاووڵاتیانی کەرتی غەزە باری ئابوورییان خراپە بەهۆی  دەسەڵاتی خراپی حەماس, ٤٤٪یان هیچ متمانەیەکیان بە حەماس نییە , لە بەرامبەردا ٢٩٪ یان زۆر متمانەیان بە حەماسە,  ٧٢٪یان پێیان وایە گەندەڵی لە دەسەلاتی حەماس هەیە, هەروەها زۆرینەی هاووڵاتیانی غەزە ئایدۆلۆجیای حەماس رەت دەکەنەوە,
بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی قەوارەی یەکگرتووی  فەڵەستینیش مەروان بەرغوسی ٣٢٪ و ئیسماعیل هەنییە ٢٤٪ و مەحمود عەباس ٢١٪ ی دەنگەکان دەهێننەوە ئەگەر لەوکاتە هەڵبژاردن بکرابایە, مەروان بەرغوسی زیندانییە و سەر بە رێکخراوی فەتحە , هەروەها بە پێی ئامارەکە ٧٨٪ی هاوولاتیانی غەزە کێشەی دابینکردنی خۆراکی رۆژانەیان هەیە.
 بە گشتی تەنها ٢٧٪ی هاووڵاتیان حەماس  پارتی بژاردەیانە, لە ساڵی ٢٠٢١  ئەو رێژەیە  ٣٤٪ بووە ١٣.  کەواتە ٧٣٪ی ئەو خەڵکەی لە غەزە  ئەمڕۆ بوونەتە قوربانی نەك لایەنگرو دەنگدەری حەماس نین , بەڵکە بەشێکی نەیاری توندین, ئێستا  لە جیاتی ئەو سزا دەدرێن, هەر ٥ دەقە منداڵێکیان لێ دەکوژرێت, ئەوان پێشتر حەماس سزای سیاسی و برسیکردنی دابوون, ئێستا نەتەنیاهۆ.
لە کاتێکدا خەڵك لە بری حەماس سزا دەدرێن  زۆرینەی مەکتەبی  سیاسی  حەماس و خێزانەکانیان لە دەرەوەی فەڵەستینن دەژین  بە تایبەت  لە شاری دۆحە, بە هەردوو کەسایەتی یەکەم و دووەمیان خالد مەشعەل و  ئیسماعیل هنییەو ماڵ و منداڵیان و  ٧ ئەندامی مەکتەبی سیاسییانەوە.
خالید مەشعەل لە ژیانی تەنها ٣ رۆژ کەرتی غەزەی بینیوە, موسا ئەبو مەرزوق تەنها ٥ رۆژ گەڕایەوە  بۆ غەزە, کەچی بە وتارە ئاگراوییەکانیان هانی گەنجان دەدەن بۆ غەزاو جیهاد, ئەبو شادییە دۆستەکەی هەزاران کە رۆژانە شیرینی بەسەریان دابەش دەکرد دەبێتە قوربانی  ١٤.

**سەرچاوەکان:**


-١https://qudspress.com/74775/

-٢https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1664946
%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%B7%D9%84%D8%A7%D8%B9-
%D8%B1%D8%A7%D9%94%D9%8A-%D9%87%D8%AC%D9%88%D9%85-
%D٨٪AD%D٩٪٨٥٪D٨٪AV٪D٨٪B٣-%D٨٪B١٪D٨٪AV٪D٩٪٩٤٪D٩٪٨A-
%D٨٪AV٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨١٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٨٪BV٪D٩٪٨A%D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٩٪٨A%D٩٪٨٦-
%D٨٪AV٪D٩٪٨٤٪D٨٪AD%D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٨٪A٩٪D٨٪٩F

-٣http://miftah.org/arabic/PrinterF.cfm?DocId=2967
-٤https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/asttla-jdyd-llray-fy-aldft-alghrbyt-yuzhr-thwlaan-mn-alara-almttrft-lam-2020
-٥
https://en.wikipedia.org/wiki/Governance_of_the_Gaza_Strip
-٦https://carnegie-mec.org/2021/06/07/ar-pub-84696
-٧https://pngoportal.org/post/25120/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%D9%83%D8%B2-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%84%D8%B3%D8%B7%D9%8A%D9%86%D9%8A-%D9%8A%D8%B5%D8%AF%D8%B1-%D8%AA%D9%82%D8%B1%D9%8A%D8%B1-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨١٪D٩٪٨٢٪D٨٪B١-%D٩٪٨١٪D٩٪٨A-%D٩٪٨١٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٨٪B٧٪D٩٪٨A%D٩٪٨٦-%D٩٪٨٥٪D٨٪A٤٪D٨٪B٤٪D٨٪B١-%D8%B5%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D8%A8%D9%84%D8%A7-%D8%AA%D9%88%D9%82%D9%81
-٨
https://news.un.org/ar/story/2022/09/1111231
https://www.alaraby.co.uk/economy/%D8%AA%D8%AD%D8%B0%D9%8A%D8%B1-%D8%A3%D9%85%D9%85%D9%8A-%D9%85%D9%86-%D9%85%D8%B9%D8%AF%D9%84%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%82%D8%B1-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D٩٪٨١٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٨٪B٧٪D٩٪٨A%D٩٪٨٦
-٩https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A%D8%A9/%D9%8A%D9%88%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%85%D8%A7%D9%84-%D8%A3%D8%AC%D9%88%D8%B1-40-%D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٦٪D٨٪A٩-%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٩٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨١٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٨٪B٧٪D٩٪٨A%D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٨٪A٩-%D٨٪AF%D٩٪٨٨٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AD%D٨٪AF-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٨٪AF%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٩/٢٨٨٥١٤١
https://www.independentarabia.com/node/255571/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D٨٪A٩/%D٨٪AA%D٩٪٨٢٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٩٪٨A%D٨٪B١/%D٨٪A٣٪D٨٪AC%D٩٪٨٨٪D٨%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%85%D8%A7%D9%84-%D9%81%D9%8A-%D٨٪BA%D٨٪B٢٪D٨٪A٩-%D٨٪A٣٪D٨٪AF%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٩-%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AD%D٩٪٨A%D٨٪A٧٪D٨٪A٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٣٪D٨٪B١٪D٩٪٨A%D٩٪٨٥٪D٨٪A٩
-١٠https://www.i24news.tv/ar/%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1/middle-east/1679595252-%D8%A5%D8%B3%D8%B1%D8%A7%D8%A6%D9%8A%D9%84-%D٨٪B١٪D٩٪٨١٪D٨٪B٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AD%D٨٪AF-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AF%D9%86%D9%89-%D9%84%D9%84%D8%A3%D8%AC%D9%88%D8%B1-%D8%A8%D9%86%D8%B3%D8%A8%D8%A9-5-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A6%D8%A9-%D8%A8%D8%AF%D8%A1%D8%A7-%D9%85%D9%86-%D8%A3%D8%A8%D8%B1%D9%8A%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B4%D9%8A%D9%83
-١١
https://www.aljazeera.net/politics/2023/7/26/%D9%86%D9%82%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%84%D8%B3%D8%B7%D9%8A%D9%86-%D8%AA%D8%AD%D8%B0%D8%B1-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨-%D٩٪٨٤٪D٨٪A٧-%D٨٪AA%D٩٪٨٢٪D٨٪AA%D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٨٪D٨٪A٧
-١٢
https://palestinianaffairs.state.gov/ar/%D8%AA%D9%82%D8%B1%D9%8A%D8%B1-%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%B3%D8%A7%D9%86-%D٩٪٨١٪D٩٪٨A-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٦٪D٩٪٨١٪D٨٪A٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪BA%D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٩٪٨A%D٨٪A٩-%D٩٪٨٨٪D٩٪٨٢/
-١٣
https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1664946-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%B7%D9%84%D8%A7%D8%B9-%D8%B1%D8%A7%D9%94%D9%8A-%D9%87%D8%AC%D9%88%D9%85-%D8%AD%D9%85%D8%A7%D8%B3-%D8%B1%D8%A7%D9%94%D9%8A-

%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%84%D8%B3%D8%B7%D9%8A%D9%86%D9%8A%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%83%D8%A9%D8%9F
-١٤
https://www.skynewsarabia.com/varieties/1667687-%D8%BA%D8%B2%D8%A9-%D9%85%D9%82%D8%AA%D9%84-%D8%A7%D9%94%D8%A8%D9%88-%D٨٪B٤٪D٨٪A٧٪D٨٪AF%D٩٪٨A-%D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨A%D٩٪٩٤٪D٨٪B٩-%D8%AD%D9%84%D9%88%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%A1